# بەرپرسیاریەتی مێژوویی کورد لە عیڕاقدا ..

– داوایەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ دوواخستنی هەڵبژاردنی گشتی –

خەسرۆ پیربال

وڵاتانی هاوپەیمانان وهاوکاری ئەکتیفی پێشمەرگەی کوردستان, دڕەندەترین ڕژێم لە بەغدادا لە ڕەگەکانیەوە هەڵکێشران و باروودۆخێکی نوێ لە سەرتاسەری ناوچە تەنگژاویەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هاتە ئاراوە , میللەتانی عیڕاق و هەتاوەکوو ناوچەکە , سەرلەنوێ خەریکی ڕێکخستنەوەدان و هەرلایانێك , بەشێوازێك لە هەوڵی ئەوەدان بەرژەوەندی و ڕۆڵی خۆیان لە دەوڵەتێکی نوێ یفیدراڵی دیموکراسی فرەییدا ببیننەوە , لێرەشدا میللەتی کورد بەگشتی , بە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنیان و هەروەهاش بەتایبەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد , هەردووکیان , گەلێك لەهاوکێشەکان یەکلادەکەنەوە لە عیڕاقدا و بە گەورەترین و گرینگترین فاکتەری ئەو دووبارە بنیاتنانەوە و ڕێکخستنەوەن.

دیارە لە بڕیاری هاوپەیمانیمان لەگەڵ ئەمریکادا , وەکوو کورد هیچ پەشیمانی و دوودڵیەکمان نیە , ڕووداوەکانی ڕۆژیش هێندەی تر هاوپەیمانیەتیمان توندو تۆڵتر دەکاتەوە , لەگەڵ ئەوەش لە کوردستان و لەدەروەش بۆچوونێك و تێزێك هەیە , کە بەپێچەوانەی سیاسەت و هەڵویستی سیاسی پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەنگاویان ناوە , بەوەی کە دەبێت کورد بەشداری لە هلبژاردنەکان نەکەن و بەڵکوو بۆ دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ کاربکەن , بەلام ئەمڕۆکە کوردەکان لە بشووری کوردستان , لەبەردەم بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی گەورەدا خۆیان دەبیننەوە , بەرپرسیاریەتی هاوکاری و پێکەوە خۆگونجاندن لە دەوڵتێکی نوێ لە عیڕاقدا , ئەو وڵاتەی کە کوردەکان ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان لە بنیاتنانەوە و دارشتنەوەیدا دەبێت .
کوردەکان لە عیڕاقدا , پەیمانی بەشداربوونیان داوە بۆ پڕۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیڕاقدا , دەبێت هەتاوەکوو دوواساتەکانی ئەم پڕۆژەیە بڕۆین و لەگەڵ هەموو ئەو قووربانیانەی ڕۆژانە , لێرەو لەوێ میللەتی کوردستان بۆ مێژوو تۆماری دەکات , بەلام سەرێکمان هێناوە و ناکرێ بچینە دوواوە ..
ئەمڕۆکە بەرپرسیاریەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد , لەوەوە دەبینم , بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا , داوای دوواخستنی هەڵبژاردنی گشتی بکات لە عیڕاقدا , بێدەنگبوونی کورد لەو قۆناغە مێژووینەدا بە مەسەلەیەکی خەتەرناك دەبینم , ڕاستە هەندێك لایان هەن , بەپەلەن کەهۆکاری شکستی هەڵبژاردنەکان لە عیڕاقدا بخەنە سەر ڕۆلی کوردەکان , بەلام سازدانیشی هیچ سوود و

قازانجێکی نیە بۆ میللەتانی عیڕاق , وە بەتایبەتی نەهامەتیەکی گەورەی پێوەیە بۆ میللەتی کوردستان .

ئێمە بڕیارمانداوە , بە ئەزموونی خۆما لە هەرێمی کوردستان , هاوکاری ڕاستەوخۆمان وڵاتێکی نوێ درووست بکەینەوە , ئیتر ئەمڕۆکە بەو بێدەنیەگی سەرکردایەتی کورد دەربارەی ئەرێ و نەریێ هەڵبژاردنەکان لە عیڕاقدا , مەترسیەکی گەورەی لێوەدەکەوێتەوە .
دەبێت سەرکرایەتی کورد لە کوردستاندا , بەڕاشکاوانە داوای دوواخستنی هەڵبژاردنی گشتی بکەن , دڵنیاشم کە فشار و ڕۆڵی کوردەکان لەو مەسەلەیەدا یەکلاکەرەوەن لەو کەشوهەوا پڕنائومێدییەی ئەمڕۆکەدا .

خەسرۆ پیربال –
Pirbal@hotmail.com